# کاڕێگەری ریگای پرسیارو وەلام لەسەردەستکەوتی خویندنی خویندکارانی زانکۆ (قۆناغی چوارەم بەشی میژوو وەك نموونە)

- پیشەی وانەبیژی لەژیانی ئەمرۆدا لەگرنگترین پیشەکانە کەمرۆڤ دەیکات بەگشتی وبەتایبەتی مامۆستاچونکە جیگاوشوینیان دیارورونە لەسەر هەمووتاکەکانی ناوکۆمەلگا، وانەبیژی کارێگەری زۆری هەیە لەسەر کەسایەتی وچۆنیەتی گەشەپیدانی لایەنی ئەقلی وروونکردنەوەی بابەتەکان

- ئامانجی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە زانینی کاڕێگەری ریگای پرسیارو وەلام لەسەردەستکەوتی خویندنی خویندکاران وبەراوردکردنیان بەریگای ئاسایی ،میتۆدی بەکارهاتوولەم تویژینەوەیە میتۆدی تجریبیە نموونەی تویژینەوەکە بریتیە لەسەمپلیك لەخویندکارانی بەشی میژوو قۆناغی چوارەم،لەکۆتایدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی بوونی بەلگەداری ئاماری لەریگای پرسیارو وەلام لەسەردەستکەوتی خویندنی خویندکاران وبوونی کاڕێگەریەکی پۆزەتیف هەروەها بوونی بەلگەداری ئاماری بەریگای ئاسایی بەلام بەکاڕێگەریەکی کەم هەروەها توێژەر پیشنیار دەکات تویژینەوەیکی هەمان شیوە بکریت بەریگای گفتووگۆیان ریگای نەخشەی چەمکەکان لەسەر دەستکەوتی خویندنی خویندکاران لەقۆناغەکانی تر و

- **ئامانجی توێژینەوە**
- زانین و خستنەرووی کارێگەری نیوان ریگای پرسیارو وەلام لەسەر دەستکەوتی خویندکارانی قۆناغی چوارەم بەشی میژوو.
- شیکردنەوەی داتاوزانیارییەکان وبەراوردکردنیان لەگەل ریگای ئاسایی و کارێگەریان لەنیوان کۆمەلە ئەزموونیەکان.

- **ڕێگای پرسیارووەڵام** : بریتیە لە مۆدێل و میکانیزمی خستنە رووی بابەتی وانە بەشێوەی پرسیارو وەڵام ، واتە مامۆستا لە سەرەتای وانەکەدا تاکۆتایی وانە پرسیار ئاراستەی خویندکاران دەکات و وەڵام لە خویندکاران وەردەگریت. (حەمد امین ، 2014 – 117).
- **ریککاری ریگای پرسیارو وەلام لای توێژەر**:بریتیە لەریگایەکی وانەوتنەوە کە مامۆستا لەسەرەتای وانەکەدا تا کۆتایی وانە پرسیار ئاراستەی خویندکاران دەکات کە توێژەر بەکاریهینا لەگەل کۆمەلەی ئەزموونی تویژینەوەکەدا
- **- دەستکەوتی خوێندنی خویندکاران**:بریتیە لەو نمرەیەی کە خویندکار بەدەستی دەهینیت لەدەرەنجامی تاقیکردنەوەدا لەبابەتیك یان کۆمەلیك بابەت.(ابراهیم،7،2000)
- **دەستکەوتی خویندنی خویندکاران** : بریتیە لەکۆمەلیك زانیاری و کارامەیی بۆ دیاریکردنی رادەی فیربوونی خویندکاران بەمەبەستی ئامانجیکی دیاریکراو لەریگای تاقیکردنەوەدا بۆ دیاریکردنی ئەو دەستکەوتە.(جرجش،149،2005)
- **ریککاری دەستکەوتی خویندن لای توێژەر**:بریتیە لەکۆی نمرەکانی خویندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی میژوو لە وانەی پیوانە وهەلسەنگاندن بەدەستیان هیناوە لەسالی خویندنی 2016-2017.



- ئامانجی ڕێگای وانەوتنەوە بە پرسیارو وەڵام بەشداری پێکردنی فێرخوازانە لە وانەکاندا، بۆیە پێویستە مامۆستا بە تەواوی خۆی ئامادەکردبێت بەرلەوەی وانەکە بڵێتەوە - پلانی تەواوی دانابێت، هەوەها پرسیاری زۆر وروژێنەری ئامادەکردبێت و ئاراستەی فێرخوازانی بکات.

- **دەرەنجام**
- 1 – بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەریگای پرسیارو وەلام لەسەر دەستکەوتی خویندنی خویندکاران بەکارێگەریەکی پۆزەتیڤ.
- 2 – بوونی بەڵگەداری ئاماری بەریگای ئاسایی لەسەر دەستکەوتی خویندنی خویندکاران بەکارێگەریەکی کەم کە ئەمانەش پیچەوانەی گریمانەکانی تویژینەوەکەیە.
- 

